## ناوی کتێب: Sápmi وڵاتی سامییەکان

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر مێژوو و کولتوور و بوونی سامییەکان ،کە گەلێکی بەرەچەڵەک و خاوەن گشت ئەو شتانەن کە ئەوان وەک گەلێکی سەربەخۆ دەناسێنێ. وێنەی ڕووی بەرگ1: یوناس ئاندەشۆن. وێنەی ڕووی بەرگ2: بێپپێ ئارڤیدسسۆن. نیگارەکان: یوناس ئاندەشۆن. وێنە لاپەڕە 2،18: بێپپێ ئارڤیدسسۆن. چاپ: برووما، سوێد 2007. (ISBN 978-91-976638-0-9)

سیروان کاروانی

Sápmi وڵاتی سامییەکان



Sirwan Karvani

Sápmi samernas land




کتێبی "Sápmi وڵاتی سامییەکان" دەربارەی گەلێکی بەرەچەڵەکە کە لە نەرویج، سوێد، فینلاند و نیمچەدوورگەی کۆلا لە ڕووسیادا دەژین. ئەوان لە

ناوچە باکوورییەکان و سەرسنوورەکانی هەریەک لەو وڵاتانەدا دەژین. لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتووە:

گەلێکی وەک (سامی)یەکان کە بە ڕەچەڵەک کۆنن و خاوەن کولتوورێکی سەربەخۆن، لە چوار وڵاتی سوێد، نەرویج، فینلاند و ڕووسیا لەسەر خاکێکی پان و بەرینی شاخاوی و پڕ لە لێرەواردا دەژین کە خۆیان پێی دەڵێن Sápmi یاخود Sámeednam - وڵاتی سامییەکان. ئەوان دەڵێن ئەو خاکەی کە ئەوان هەتا ئەمڕۆ لەسەری دەژین وڵاتی ئەوانە، هەرچەندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ددانیان پێدا نەنرابێت: "ئێمە خاوەن زمان و کولتووری تایبەت بەخۆمانین، کە جیاوەزە لەگەڵ زۆرینەی نەتەوەکانی وڵاتانی دەوروبەر". سامییەکان بێجگە لە زمان و کولتووری سەربەخۆ، تەنانەت خاوەنی ئاڵا و سروودی نەتەوەییی خۆیانن کە لە یادە نەتەوەییەکانیان و بەتایبەت ڕۆژی نەتەوەییان لە 6ی فێبروەریدا دەیچرنەوە.



سامییەکان هەر لە سەردەمی سەهۆڵ توانەوەوە لەو شوێنە ساردانەی کە ئێستا لێیدا دەژین پەرەیان بە ژیان داوە و، ئەوان خۆیان بە نەتەوەیەکی دێرین و بەڕەچەڵەک لە مێژوودا دادەنێین کە جیاواز لە نەتەوەکانی تر و لایان وایە کە کولتوورەکەیان تەواو تایبەتە. ئەوان بەو شێوەیە خۆیان دەبینن، کە گەلێکن لەناو گەلانی تردا و وڵاتێکن لەناو وڵاتانی تردا.

سامییەکان لە باکووری ئەورووپادا تووشی دابەشبوون بوون، کاتێک ئەو وڵاتانە سنووری نەتەوەییی خۆیان دیاری کرد. سامییەکان ڕێک دەکەونە سەر ئەو سنوورانەی کە ئەو وڵاتانە بۆ جیاکردنەوە لەیەکتری دیارییان کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، جێگەی سەرنجە کە
سامییەکان هەموویان پێکەوە توانیویانە
کۆمیتەیەک بۆ
پەرلەمانەکانیان (Samiskt Parlamentariskt Råd- SPR ) پێکبهێنن و
ئەو هەوڵەشیان خۆی لە یەکێتییەکدا دەبینێتەوە لە نێوان سامییەکانی هەریەک
لەو وڵاتانەدا.
نووسەر و نیگارکێشی سامی "Johan Tuuri"، دەڵێ: (ئێمە لە هیچ شوێنێکەوە نەهاتووین. ئێمەی سامی بۆ هەمیشە و لە پێش هەموو خەڵکێکدا لێرە هەبووینە).
مێژووی سامییەکان لە زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بۆ نەتەوە دێرینەکان لە سەرانسەری ئەورووپا و هێندێک جار شوێنەکانی تریشدا باسیان لێوە کراوە و زۆربەی بۆچوونەکانیش دێرینی ئەو گەلە دەسەلمێنن. مێژوونووسی ڕۆمانی "Tactius " پێش 2000 ساڵ بۆ یەکەمین جار لە کتێبەکەی خۆیدا (Germania) باسی گەلێکی کردووە کە لە باکوور دەژین و، بە (Fenni) ناویانی بردووە و دیارە مەبەستی سامییەکان بووە، بەڵام سامییەکان کە لاپ/لاپۆنی ناوی پێشوویان بووە مێژووی خۆیان بۆ زۆر پێشتری ئەو مێژووە دەگەڕێننەوە.

سروشتێکی دیاری سامییەکان هەیە کە تا ئەندازەیەک و لە هێندێک ڕووەوە لەگەڵ دۆزی کورددا یەک دەگرێتەوە. سامییەکان هەروەک کوردەکان کەوتوونەتە نێوان چوار وڵاتەوە (سوێد، نەرویج، فینلاند، ڕووسیا) و هەر بەشێک لەو خاکەی ئەوان لەسەریدا دەژین، دەکەوێتە یەکێک لەو وڵاتانەوە. سامییەکان هەروەک کوردەکان، هەتا ئێستاش سەرژمێرییەکی گشتیی باوەڕپێکراوی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە و کەس ژمارەی هاووڵاتییانیان بەتەواوی نازانێ. هێندێک وای مەزەندە دەکەن کە ژمارەیان 60000 و هێندێک 70000 و هێندێکیش دەڵێن 80000 کەس دەبن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەمیشە لە گەشەسەندن و زۆربووندایە. بەو پێیە بەشێک لەوان کە خۆیان لە 50000 کەس

دەدەن لە نەرویج و 20000 لە سوێد و نزیکەی 6000 لە فینلاند و نزیکەی 2000 کەس لە ڕووسیا دەژین. لە کاتی ئێستادا 35 لە سەدای ڕووبەری خاکی سوێد سامییەکان تیایدا بڵاوبوونەتەوە و ئەوەش زۆربەی دەکەوێتە باکوورەوە، تەواوی ڕووبەری ئەو خاکەی ئەوان لەسەری دەژین بە 157487 مەتر چوارگۆشە دەخەملێنرێت. سامییەکان بێجگە لە زمانی زگماکی خۆیان کە سێ زاراوەی سەرەکیی تێدایە و هێندێک جار بە سێ زمانی ناودەبەن زۆربەیان بە زاراوەی سەرەکیی سامیی باکوور دەپەیڤن، لە سوێد بە سوێدی و لە فینلاند بە فینلاندی و لە نەرویج بە نەرویجی و لە ڕووسیا بە ڕووسی دەپەیڤن. لە 1ی ئاپریلی ساڵی 2000دا، زمانی سامییەکان لە سوێد وەک زمانێکی فەرمیی کەمەنەتەوە ددانی پێدا نرا و بەوەش گوڕێکی تر بە بووژانەوەی کولتوورەکەیان درا. لە سەردەمی ئێستادا، سامییەکان لە هەریەک لە وڵاتانی سوێد، نەرویج و فینلاند خاوەنی ئەنجوومەنی خۆیانن بۆ ژیانەوە و گەشەپێدان بە کولتووری ڕەسەنی خۆیان، شایەنی باسە کە بۆ جاری یەکەم لە فینلاند ئەو ئەنجوومەنە بۆ سامییەکانی ئەوێ دامەزرا.

نەریتێکی تر کە لای خەڵکی سامییەکان باوە تایبەت لەم سەردەمەدا، ئەوان هەروەک کوردەکان ناوی سامی کە بە نیشتیمان یاخود وڵاتی سامییەکان دەگوترێ، لەگەڵ زۆر شتی تردا بەکاردەهێنن بۆ ناسینەوە و دیارە ئەوەش هەر لە خۆشەویستی بۆ خاکەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

سامییەکان لە سەرەتاوە لەو ناوچانەی کە هەر لە مێژەوە تیایدا ژیاون، ژیانێکی کۆچەرییان بەسەربردووە و ئەوەش هۆیەکەی زیاتر ئەوە بووە کە ئەوان زیاتر بە ئاژەڵداری و لە سەرووی هەموویانەوە بەخێوکردنی ئاسکی ڕنەوە سەرقاڵ بوونە و بەوشێوەیە بەدوای لەوەڕدا هەمیشە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچیان کردووە.

هەوڵ و کۆششی سامییەکان دیارە بۆ مانەوە و پاراستنی سیمای نەتەوەیی و هەموو شتێکی تایبەت بە کولتووری خۆیان، بەڵام بۆ هیچ یەک لەو مافانە ڕێگای زەبروزەنگیان نەگرتۆتەبەر، هەڵبەتە ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەوان پێچەوانەی کوردەکان کەوتوونە نێوان وڵاتگەلێک کە پەیوەستن بە بنەماکانی مافی مرۆڤەوە. تەنانەت لەوڵاتی سوێددا، هەتا ساڵانی 1600 سامییەکان خاوەنی ئایینی خۆیان بوونە کە پەرستنی ڕۆژ و با بووە و دوایە "Karl XI" کە ناوی پاشایەکی سوێد بووە و لە ساڵانی 1600دا ژیاوە، بڕیاری داوە کە سامییەکان ناچار بکات ببنە مەسیحی. ئەو قەشەی ناردووە بۆ لای سامییەکان لە باکوورو ناچاری کردوون لەژێر گووشاردا ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرن و بەوەش بەشێکی زۆری لێیان هێناوەتە سەر ئایینی مەسیح و بەرە بەرە وایلێکردوون بەتەواوی ئەو بیروباوەڕە پەیڕەو بکەن.

لە ڕووی گوزەرانەوە ئەوەی وایکردووە کە سامییەکان زیاتر بە ئاژەڵداری و لە سەرووی هەمووشیانەوە بەخێوکردنی ئاسکی ڕنەوە سەرقاڵ بن، ئەوەیە کە ئەو خاکەی ئەوان لێیدا دەژین بەپیت و لەبارە. وڵاتێکی سارد و بەفراوی، بەڵام بە سروشت ئێجگار دەوڵەمەند و زۆربەی وەرزەکانی ساڵ سەوز دەکاتەوە و دیمەنی ئێجگار دڵڕفێنی تێدایە. ئەو هەموو دیمەنە جوانەی سروشتی سامییەکان لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە ئەو کۆمەڵگەیە هەرگیز تێکەڵی هیچ جۆرە شەڕێک نەبوونە.
ئەم گەلە بە کەمترین ژمارەوە توانیویانە بوون و کولتووری خۆیان بسەلمێنن و لە کوێستانەکاندا کەژ و لێرەوار و بەفر و باران بە دۆستی خۆیان بزانن و تەنانەت لە ساڵە پڕ لە نەهامەتی و گرانییەکاندا کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی گرتۆتەوە تەنها بە ماسی بژین.